# نامەیەكی كراوە بۆ بەرێز سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان (نیچیرڤان بارزانی )

پاش سلاو ڕێز ...

من بەنوینەرایەتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی ئەم نامەیە بۆ بەریزتان دەنووسم ودەمەوێت لەبارەی كیشەو گرفتی پەنابەران لەگەڵتان بدوێم و ئەو خواستانەی كە ئەوان لەكۆبوونەوە و خوپیشاندانەكانیاندا بەرزیان كردۆتەوە بەئێوە و حكومەتی هەرێمی كوردستانی رابەگەیەنم. ئومیدەوارم بەچاویكی مەسئولانەوە لەناوەرۆكی ئەم نامەیە بروانن و كاری بۆبكەن. بەلام سەرەتا ریگام بدەن با لەخودی كیشەیەكەوە دەست پێبكەم.

پەنابەرانی كورد ئەمرۆ ترس لە گرتن و گەرانەوەی بەزۆر بۆ كوردستان دڵەراوكی یەكی گەورەی بۆ دروست كردون و بۆتە تارماییەكی كوشندە بەسەر سەری هەموو ئەو پەنابەرە كوردانەی كە تائیستا داوای پەنابەریان رەفزكراوە یان مانەوەی كاتی یان پێدراوە، لەكاتیكدا ئەم هەزار لاوو گەنجە سالانێكە ژیانی خۆیان و ئازیزانیان جێهیشتوە وبەدەیان ریگای پر سەخت و مەترسی و سنوری ئەم یان ئەو دەولەتیان تیپەركردووە تا گەیشتونەتە یەكیك لەولاتانی ئەوروپایی. ئەگەر ژیانی ئەم پەنابەرە كوردانە بكریتە كتیب و فلیم دڵنیام چەندین داستانی تراژیدی لەخۆدەگرن وكەس نییە لەپشت خواست و داواكاریەكانیان رانەوەستێت..

بەم حالەوە چەند رۆژیك دەبێت بۆ جاریكیتر وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا حەملەی گرتنی پەنابەرانی كوردی عیراقی دەستپێكردوە لەكاتی چوون بۆ ئیمزاكردنی پۆلیس وەیان لەهێرشی شەوانەدا دەستگیری كردون و راپێچی گرتووخانەی دەس بەسەری كردون. ئەمەلەكاتیكدایە كەلەماوەی یەك سالی رابردوودا چەند جار پەلاماری هاوشیوەی بەرێخستووە و تائیستاش توانیویەتی دوو وەجبە لەپەنابەرانی كوردستان بەزۆر و بەكەلەپچەو جلوبەرگ و فرۆكەی سەربازییەوە و دوای ئیهانەو سوكایەتی پێكردنیان لەریگای فرۆكەخانەی هەولێروە دیپۆرتی كوردستان بكاتەوە. وە لەحالی ئێستاش دا ژمارەیەكی زۆر لەپەنابەران دەستگیر كراون و بریارە 27-1-2007 ولەریگای فرۆكەخانەی هەولێر وەجبەیەكیتر دیپۆرت بكاتەوە.

بەلام لایەنیكی ئەم سیاسەت و هەڵسوكەوتەی دەولەتی بەریتانیا لەبەرامبەر پەنابەرانی كوردستاندا پشتی بەستووە بە ریكەوتنێك كەلەنیوان ئیوە و دەولەتی بەریتانیادا لەئارادایە. بەتایبەتیش كە لەكۆبوونەوەی ئەم دواییانەی نۆینەری وەزارەتی ناوخۆی پەریتانیا، كەلەبەرواری 27-11-2006 وبەئامادەبوونی نۆینەرانی چەندین رێكخراو و مەڵبەندی كوردی و عیراقی كەلەسەر مەسەلەی دیپۆرتی پەنابەرانی كورد وعیراقی سازدرابوو، راشكاوانە ئەم ریكەوتنە دووقولیە ئاشكرا كراو تەنانەت بەحزوری نوینەری یەكیتی نیشتمانی بەریز (شاناز ئیبراهیم ئەحمەد) لەكۆبوونەوەكەدا، نوینەری وەزارەتی ناوخوی بەریتانیا بەئێمەی راگەیاند كەناردنەوەی پەنابەران بۆ كوردستان لەئاكامی ریكەوتنیكدایە كەلەنیوان حكومەتی بەریتانیاو بەهاوكاری و رازی بوونی حكومەتی هەریمی كوردستان و حكومەتی عیراقی چۆتەپیشەوە و ئەم ریكەوتنەش لەساڵی 2005 ئیمزاكراوە. وەك ئاشكراشە راستی ناوەرۆكی ئەم ریكەوتنە دوقولیەش ئەوەیە كە ئیوە بەرلەچەند مانگ نەك هەر ئامادەبوون بەپیشوازی لیكردن وەرگرتنەوەی وەجبەی یەكەمی پەنابەرە دیپۆرتكراوەكان بۆشاری هەولێر بەلكو فرۆكەخانە و خزمەتگوزاری تەواوتان بۆ جیبەجی بوونی سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران خستۆتە ئیختیار دەولەتی بەریتانیاوە. بیگومان سیاسەت و ریكەوتن نامەیەكی ئاواش بەتەواوی پیچەوانەیە لەگەل خواست وبەرژەوەندی پەنابەرانی كوردستان و بەزیان وزەرەری ئەوان وكەسوكاریان لەناوخۆی كوردستان تەواودەبێت. بەتایبەتی كەهەرچۆنیك بووە دەولەتی بەریتانیا پەیوەندیكی ئاوای كردۆتە بەهانەیەك بۆ هێرش بردنەسەرپەنابەرانی كوردستان. لەم بارەوە ولە پیناو بەرگرتن بەم سیاسەتە دژی ئینسانییە داوادەكەین كە:

1- ئەو پەنابەرە كوردانەی بەزۆر رەوانەی كوردستان دەكرێنەوە قبول نەكەن.

2- هەموو ئەو اتفاقیانە هەڵوشیننەوە كە لەسەر ناردنەوەی پەنابەران ئیمزاكراوەو ئەمە رەسمەن رابگەیەنن.

3- فرۆكەخانەی هەولێر مەخەنە خزمەتی ئەو وولاتانەی كە بەنیازن پەنابەرانی كورد بەزۆر بنێرنەوە.

ئەمانە خواستی پەنابەرانە و رای زۆربەی ئەوانەی لە كۆبوونەوەو خۆپیشاندانەكانی خۆیاندا لەسەر وەرگیراوە. تەنانەت ئەمانە خواستێكی تەواوی ئەو پەنابەرە كوردانەیە كە ماوەیەكی زۆرە كەیسیان لەم وولاتە ئەوروپایی یانەدا بەگشتی وەلە بەریتانیا راگیراوە وەیان داوای پەنابەریان رەفز كراوە و لەكەمپەكان راگیراون وە هەرەشەی ناردنەوەیان لیَ دەكرێت بۆ كوردستان.

بەدڵنیاییەوە وەلام دانەوەی ئەم داوایانە لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە دەستی دەولەتانی ئەوروپا و حكومەتی بەریتانیا لەپشتەوە دەبەستی وبەلاو ترسی دیپۆرتكردنەوە لەسەر سەری پەنابەران هەڵدەگری. بۆیە جاریكیتر داواتان لیَ دەكەم كە لەمەوقعەیتی بەرپرسیاریتیەوە لەپشتی پەنابەرانەوە راوەستن.

بەسلاوی دووبارە

دەشتی جەمال

بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی
2007-1-24
ژمارەی موبال(07856032991))
PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK.
d.jamal@ntlworld.com